# کۆباسی شەشەم

# لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ

*** هەر سێ جۆری لە بەرگرتنەوەی مرۆڤ (استنساخ الانسان) لەنێوان دوالیزمەی (حەڵاڵ و حەرام) و (سوودو زیان) و (بەشێك و گشت)دا.**

*** دەستکاری کردنی (جین) و کێشەیەکی نوێ.**

*** (یەئجوج) و (مەئجوج) چ پەیوەندیەکیان بە لەبەرگرتنەوەوە هەیە.**

**ئایا لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ (استنساخ) چیە؟! ئایا لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە حەڵاڵە یا حەرامە؟**

پیشەكی: (استنساخ) یاخود (استنسال) دەكریت بە (٣ جۆر)ەوە:

یەكەم: پیی دەوتریت (التكاپر الجنینی) یا (التكاپر الجنینی) با وای پی بلیین مانای بریتی‌یە لەئەو خانە پیتینراوە كە بریتی‌یە لە تۆویكی پیاو تۆویكی ئافرەت، ئەم خانەیە كە بە ئینگلیزی پیێی ئەلین: (زایگۆت) وە بە زاراوەی قورئان پیێی ئەلین (نگفە امشاج) ئەم خانە پیتینراوە دەبیتە دووان، پاشان دەبیتە چوار، دوایی دەبیتە ١٦، و... ئاوا وورده وورده زیاد دەكات.

لە تاقیگە كە دەبیتە (٤ خانە) وورده وورده جیایان دەكەنەوە لەیەك هەندیك قەوزەی ناو دەریا دەهینین (چونكە بەدەست دەشكیت) ئەبیتە چوار خانەی جیاواز، ئەم چوار خانەیە ئەگەر بچینرین لە رەحمدا (٤ مرۆڤ) دروست دەبن كە لەیەك دەچن، ئەمە هیچ كیشەیەكی شەرعی تیدا نی‌یە، بەمەرجیك ئەو تۆوە لەژن و میردەوە هاتبیت ئەمە ئەچوینریت بە ئەو منداڵانەی كە لە (تیست تیوب)دا دروست دەبن، لە (انبوب الاختبار)دا ئەویش كیشەیەكی شەرعی تیدانی‌یە، بە دوو مەرج:

١) ئەو تۆوە لەئەو ژن و میردە بن.

٢) نەچینریت لە رەحمیكی تردا تەنها دەبیت لەرەحمی دایكەكەدا بیت واتە رەئی شەرع بەرامبەر ئەم حاڵەتە بەو مەرجانە دروستە.

دووهەم: (لەبەرگرتنەوەیەكی سەرانسەری مرۆڤەكە) كە پیی دەلین: (كلۆنینگ) (ئیجماعی رەئی لەسەرە كەحەرامە).

سیهەم: که بەشیك لەمرۆڤ (استنساخ) دەكریت، ئایا رەئی ئیسلام بەرامبەر بەمە چۆنە؟ جاری خودی مەسەلەكە روون بكەینـەوە، دوو رووی هەیـە، روویـەكیان خیرەو بـەرژەوەندی تیدایـە، رووەكـەی تریان شـەرە، ئـەو رووەی كە خیرە بۆ نموونـە: هۆرمۆنیك هەیـە لەلەشـی ئیمـەدا پـی‌ی دەلیـن: (ئینسۆلین) ئەو كەسانەی كە تووشـی نەخۆشـی شـەكرە دەبن ئـەم هۆرمۆنـە لەلەشیاندا لاوازە ئـەم جۆرە زانستە بـۆی دەركـەوتووە كـە هـەموو بەشـیك لەلەشدا كە دروست دەبیت ئەگەریتـەوە بۆ دوگمەیـەك زانسـت نـاوی دەنیت (جین) جینیك لیپرسراوی ئەنسۆلینە لەمرۆڤدا.

ئەو جینە لـەتۆزیك پیسـتی مرۆڤیكـەوە دەیگویزنـەوە ئەیخەنـە نـاو ناوكی بەكتریایـەك پـی‌ی دەلیـن: (ئیشرشـیا كـۆلای) ئـەو بەكتریایـە دەسـت دەكـات بەدروسـت كردنـی ئەنسـۆلین بەبـەلاش ئـەم ئەنسـۆلینە بەشـیوەی دەرزی دەدریت لـەو كەسـانەی كەنەخۆشـی شـەكرەیانە، ئایـا ئەمـە زیـانی هەیە؟ ئایا ئەمە خیرنی‌یە؟ بیگومان ئەمە ئیشیكی باشە.

- ماددەیـەك هەیـە لەلەشـی مرۆڤدا پـی‌ی دەلیـن (ئینتـەرفیرۆن) جینیـك لی‌ی لیپرسـراوە، ئـەم ئینتەرفیرۆنـە پـەلاماری خانـەی شـیرپەنجە دەدات ئەگـەر دروسـت بووبیـت لـەناو لەشـی مرۆڤـدا واتـە: بـەرگری لەلـەش دەكات، ئەو جۆرە گرانەتایانە، ئەو جۆرە هەوكردنـەی جگـەر، كە پـی‌ی دەوتریـت: (هیپاتـایتس B و C ) كـە كوشـندەن، ئـەم ئینتەرفیرۆنـە پـەلاماریان دەدات، بـەلام جـاری وا هەیـە هەكردنەكـە بـەهیزە، ئینتەرفیرۆنەكە كەمە دەرەقەتی نایـەت، ئـەبیت بـە دەرزی لی‌ی بدریـت،

جینێك هەیە بەرپرسیارە لەدروست کردنی ئەو ئینتەرفیرۆنە، زاناکان دێن ئەو جینە لەمرۆڤ دەردەهێنن ئەیخەنە ناو خانەی بەکتریایەکەوە ئەو بەکتریایە دەست دەکات بەدروست کردنی ئەو ئینتەرفیرۆنە کۆ دەکرێتەوەو بە دەرزیەك لە مرۆڤ دەدرێت ئەمە لایەنە خێرەکەیەتی.

- لەئافرەتدا جینێك هەیە لێپرسراوی دروست کردنی پرۆتینە لە شیردا، ئەو جینەیان هێناوە گواستوویانەتەوە ناو مانگا، واتە: شیری ئەو مانگایە پرۆتینەکەی ئینسانی‌یە نەك ئاژەڵی، کەواتە ئەو شیرە زۆر سوودی زیاترە لە شیرە ئاسایی‌یەکە بۆ منداڵ، لایەنی باشی تری ماوە هەندێك لەصیفاتی مرۆڤ لەو جینانەی کە لێپرسراون لە گورچیلە.. لە جگەر.. لەدڵ.. ئەیان گوێزنەوە بۆ ناو ئاژەڵ، بۆ بەراز.. بۆ گوێرەکە.. و... ئاژەڵانی تر. پاش ماوەیەك ئەو مرۆڤەی کە پێویستی بە جگەر یان گورچیلە یان دڵ دەبێت هی ئەو ئاژەڵە کە سیفاتی ئینسانی تێدایە بۆی دەگوێزنەوە چونکە دەگونجێت بۆ ئەو مرۆڤە، ئەمە لایەنە چاکەکانیەتی، ئەمە شەرع بە مەرج لەگەڵیدایە، ابن القیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (هەر شتێك خێری کۆمەڵی تێدا بێت ئەوە دینە، ئەوە شەرعە، هەرشتێکیش زەرەری تێدا بێت بۆ مرۆڤ بۆ کۆمەڵ ئائەوە دژی دینەو شەرع نی‌یە).
- بەڵام لایەنە خراپەکەی کە دێن مرۆڤێك فۆتۆکۆپی دەکەن ١٠٠٪ پیاوێکە دەیەوێت کەسێك دروست ببێ وەك خۆی وابێت، بێگومان تا ئێستا دروست نەبووە، بەڵام نیازیان هەیە دروستی بکەن، مەڕێکیان

دروست کرد بەم جۆرە نـاوی (دۆڵـی) بـوو ئێسـتا (فۆڵیـش) دروسـت کراوە، خەریکن ووردە ووردە دەیگەیننە قۆناغێك کە  مرۆڤیش دروست بکەن بەو شێوەیە، کـە یـەکێك دروسـت دەکرێـت وەك ئـەو پیـاوە یـان ئافرەتە ئەوکەسە چی ئەمەیە کە  لەبەری گیراوەتـەوە ؟ نـە کوڕیـەتی، نـە کچیـەتی، وە نـە دووانـەن چونکــە هــەموو سـیفاتێکی ئــەمی تێدایــە، دووانەن بەڵام جیاوازی تەمەنیان بەینە،  هیـچ شـەریعەتێك هیـچ قانونێك قبوڵی ئەمە ناکات.

لـە روویـەکی تـرەوە: ئەیانـەوێت مـرۆڤ دروســت بکـەن وەك شمـەکی یەدەگ (ادوات إحتیاگ) دوایــی لـەناوی بـەرن و پارچـەکانی دەربـهێنن بـۆ مرۆڤێکی نەخۆش، لەرۆژئاوا خەڵك سەرەی گرتووە، ناوی نووسیووە  لـەزۆر دەزگادا، دەزگایەك هەیە (B.B.L)ی پیٚ دەڵێن (٣٠٠ تاقیگە)ی هەیە  تەنها لـە (U. S. A) بـۆ ئـەم ئەزموونکردنانــە جینـاتی مـرۆڤ دەگوێزنــەوە بـۆ (ئـاژەڵ) بـۆ (حەشـەرات) بـۆ (میکرۆبـات) خـەریکی ئـەم ئەزموونانـەن، بـۆ نموونــە: ژن و مــێردێك کچێکیــان هەیــە تەمــەنی ٦ ســاڵە شــێرپەنچەی ئێسقانیەتی ناوی  خۆیانیـان نووسیووە بۆ ئـەوەی خێرا فۆتۆکۆپییـەکی کچەکەیان بکەن مانای خانەیەك وەربگرن لەپێستی کچەکەیانەوە، ناوکەکەی بخرێتـە نـاو هێلکۆکـەی ئافرەتێك بـەبیٚ نـاوك هــەر (سـایتۆپلازم)ەکـە بێـت، بچێنرێت لەرەحمی هەر ئافرەتێکدا، منداڵێك دەردەچێت ١٠٠٪ لەمنداڵەکەی ئەمان دەچێت، بۆ ئەوەی کە گەورە  بوو ئێسـقانەکانی دەربهێنن و بۆ ئـەمی بەکار بهێنن!! ئەمـە هیـچ دینێك قبوڵـی ناکـات، جا مەترسـییەکی زۆریـش

هەیە لەمەدا زاناکان دەلین: پەنجا هەزار تا  سەد هەزار جین هەیە لەمرۆڤدا زۆربەی کەشف نەکراون چونکە سستن، ئەگەر بورووژین نازانین چی روو ئەدات، لەوانەیە بوونەوەری سەیر  دەرچیت، زانایەکی زۆر گەورە کە ناوی (جۆزیف رۆت پلان)ە ئەم پیرەزانایە کە خاوەنی خەڵاتی نۆبلە لەفیزیادا (لەفیزیای ناوکی)دا ئاژانسی رۆیتەر نامەیەکی ئەم زانایەی بڵاوکردەوە نووسیوویەتی بۆ زاناکانی سکۆتلەندە کە سەرقالی ئەم ئیشەن، دەلیت: گەر بەردەوام بن  ئەگەنە ئەوەی کە مرۆڤیك  دروست بکەن بەشیوەی فۆتۆکۆپی بەڵام تکاتان لی دەکەم ئەمە مەکەن  کاتی خۆی سیاسەت مەدارانی ئەمریکا ئیمە یان هەلخەلەتاند ووتیان: ئەلمانیا بۆمبی ئەتۆمی هەیە ئیوە خیرا دروستی بکەن بۆ ئەوەی بترسن و تیمان نەگرن، ئیمەش قومبەلەیەکی هایدرۆجینیمان دروست کرد کەچی تەماشا دەکەین کیشایان بەیاباندا بەهیرۆشیماو ناکازاکیدا کە جەنگەکەشی تەواو بوو بۆمان دەرکەوت کە ئەلمانیا بۆمبی ئەتۆمی هەر نەبووە، ئیستاش خەومان لی ناکەویت لەو کاتەوە ویژدانمان ئارام نی‌یە، ئیوە گەر بەردەوام بن و ئەو جۆرە مرۆڤانەتان پید ك هینا ئیتر خەون نابینن وە هەموو مرۆڤیك بەم شیوەیە پیك دیت بۆمبی ئەتۆمی هەرزانە.

پیویستە ئیمە ئەم دووحالەتە جیابکەینەوە ئەوەی کەسیفەتیکی مرۆڤ دەچیتە ناو ئاژەلیکەوە ئاژەلەکە وەك کەلوپەلیکی یەدەگی بەکاردیت. جا ئایا ئاژەلەکە نەخۆشی تری لەگەل دا ناگویزیتەوە (والله اعلم) ژیاری رۆژئاوا هەموو بەهایەك لەم جۆرە زانستانەوە وەردەگریت، بەڵام ئیمەی

ئیماندارو موسڵمان بەها لەدینەوە وەردەگرین دین لەوەحیەوە هاتووە، وەحی لەخواوە هاتووە، خوای گەورەش پەروەردگارە زانستێك کەلەسنووری رەوشت دەربچێت، زانستێك کەلەسنووری بەهاکانی خوای گەورە نەربچێت، زانستێکی زەرەرمەندە، زانستێکی وێران کار دەردەچێت، ئەم مەسەلەی (استنساخ)ە جیایە لەگەڵ ئەندازە گیریدا واتە: جیایە لەگەڵ (خلق)دا. (خلق) تەنها ئیشی پەروەردگارە (سبحانە وتعالى) کە لەنەبوون (مخلوقات) بەدی دەهێنێت، بەڵام ئەم کارەی کە ئەمان دەستیان داوەتێ بریتی‌یە لەبەکارهینانی بوونەوەری خوای گەورە، دەستکاری خانەکانیان دەکەن، (خانە) خوا دورستی کردووە، دەستکاری (جینات) دەکەن لەسەر کرۆمۆسۆمات، (جین) خوای گەورە دروستی کردووە، ئەیخەنە ناو خانەیەکی ترەوە ناوکەکەیان فریداوە ئەیخەنە ناو سایتۆپلازمەکەوە سایتۆپلازمەکە خوای گەورە دروست کردووە، ئەمە دەستکاری کردنی بەرنامەی خوایە، قورئان دەفەرموویت: (فلیغیرن خلق الله)[1] باسی شەیتان دەکات کە رۆژیك لە رۆژان فرمان دەکات (ولآمرنهم فلیبتکن ىژان الٓنعام ولآمرنهم فلیغیرن خلق الله) رۆژیك دیت شەیتان فرمان دەکات بەئەولیاکانی خۆی کە دەست کاری بەرنامەی خوا بکەن، ئەمە یەکیکە لەتەفسیراتی ئەو ئایەتە کە مرۆڤ ئاوا دەستکاری بەرنامەی خوا دەکات، دەیەویت بە ریگای شەرعیەکەیا بەریگە سروشتیەکە مرۆڤ دروست نەبیت بەلکو بەریگەی فۆتۆکۆپی کە کارەساتیکی گەورەی لەدواوەیە دروست ببیت، بەریز

---

[1] النساء / ١١٩ .

مامۆستا دكتۆر (ئەحمەد كوبەیسی) راڤەی ئایـەتیكی كـردووە كـە خـوای گەورە دەفەرموویت: (حتى إڎا فتحت یاجوج ومأجوج وهم مـن كـل حـدب ینسلون)[٢] (فتحت) واتـە: (كرایـەوە) واتـە: شـتیك هـەبووە بـەڵام لـەوەو پـیش داخراوە، تەفسیری دەكات بەم جیناتەی كەلەمرۆڤدا هەیە كە سستن، بەهۆی دەست لیدانی بەرنامەی خـواوە ئـەورووژیت بوونـەوەری سـەیرو سـەمەرە دروست دەبیت (یأجوج ومأجوج) ئەمانە میللەتیكی دیاری كراو نین ئەمانە كۆمەلە بوونەوەریكن قورئان دەفەرموویت: (من كل حـدب ینسـلون) (حـدب) واتە: سنگ، لە هەموو سنگیكەوە پەیادەبن، واتە: لە ریگە سروشتیـیەكەوە دروست نابن، لەنیوان هاوسەرەكان یا نیرو میـوە دروست نابن، ئەم ریگای فۆتۆكۆپیـیەیە كەلە وەرگرتنی خانەی جەستەوە دروست دەبن، جا قورئانی پـیرۆز زۆر وورد دەفـەرموویت: (ینسـلون) نافـەرموویت: (یتناسـلون) بـە صیغەی (یتفاعل) بەكاری ناهینیت (ینسلون) واتە: بەبی پەیوەندی زایەندی دروست دەبن، واتـە: رۆژیك دیت ئەو نهینیـیە دەكریتـەوە مرۆڤایـەتی بـەو جۆرەی لی دیت، (یأجوج ومأجوج) لە (أج یأج) واتە: هەلگیرساندنی فیتنـەو ئاشـوب و ئـاگرو دووبەرەكیـیـەوە هـاتووە، پیغەمبـەر (ﷺ) لەچـەند فەرموودەیـەكیا وەصفیـان دەكات و دەفـەرموویت: كورتـە بـاڵان.. زۆردرن.. خوین مژن.. توندوتیژن (عتاه).. تاوانبارن.

ئـاوا وەصفیـان دەكـات دەفـەرموویت: كـە دینـە سـەر هـەر شـتیك بخوریت، هەمووی دەخۆن و هیچی ناهیلنـەوە، كـە دینـە سـەر ئاویك، سـەر

[٢] الأنبياء / ٩٦ .

روباریك، ئەوەندە زۆرن كە بە كاروان دینە سەر روباری بچوك بچوك ئەو بەشەی كەلەدواوەن كاتیك دینە سەر روبارەكە ئاوی تیدا نەماوەو دەلین: ئەمە كاتی خۆی ئاوی تیدا بووە، دەرۆنە سەر هەرشتیك لەناوی دەبەن ئەمانە نەئاژەلن نەمرۆڤن، وای لی دیت خەلك پەنا دەبات بۆ خوای گەورە لەشەری ئەوانە، ئەمە یەكیكە لەو تەفسیرانە چونكە قورئانی پیرۆز دووبەشە:

١) بەشیكی پیی دەوتریت (محكم).

٢) بەشیكی پیی دەوتریت (متشابه).

(محكم)دیاری كردنی – قەدەغەكراو (حرام) و ریپیدراوە (حلال) – بۆ ژیانی رۆژانەی مرۆڤ كە بریتییە لەو شتە ئاشكرایانەی كە تەفسیركراون و ئیتر روون و ئاشكران بەلآم (متشابه) لەهەموو زەمانیكدا تەفسیری خۆی هەیە، ئەمە لەو ئایەتە متشابهانەیە ئەمرۆ بەم شیوەیە تەفسیر دەكریت كە ئەگەریكی زۆرە بەهۆی دانەخستنی دەرگای ئەم جۆرە زانستەی كە دەستكاری بەدیهینراوی خوا دەكات. لەوانەیە ئەو جۆرە بوونەوەرانە دروست ببن كە زەرەرمەند دەبن بۆ مرۆڤایەتی، لەفەرموودەیەكی پیغەمبەردا (ﷺ) كە باسی ئەوان دەكات بەشیك لەفەرموودەكە ئەفەرموویت: (تنفجر فيكم غمامه) سەیری دەربرینی پیغەمبەر (ﷺ) بكەن (إنفجار) هەوریك ئەتەقیتەوە لەناوتانا (میل الترس) وەك قەلغانیك، هەموو لەفلیمدا بینیوومانە، قونبەلەی زەری كە دەتەقیتەوە، بەرزدەبیتەوە وەك درەختیك

وەك قــەلغانيكى لى ديــت پاشــان (تنشــر) بلاْودەبيتــەوە (وهــى دخــان) دووكەليشە (فتقبچ ارواح الناس)[3] رۆحى خەلكى رادەكيشيت، ئەمە بيجگە تەفسيرى قونبەلەى زەرى چ تەفسيريكى تر ئەتوانێ ئەو مانايــە هــەلگرێ، ئاشكرايە ووشەى (تنفجر) بەكاردەهينيت، لەكۆتايدا دەليت: ئيمە لەگەل هــەموو زانســتيكداين كەســوودى هــەبيت بــۆ مرۆڤايــەتى وە دژ بەهــەموو زانستيكين كە زەرەر دەدات وەك پيغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرموويت: (اللــهم إنــى أعوژ بك من علم لاينفع)[4] پــەنا دەگــرم بــەتۆ خــواى گــەورە لەزانســتيك كــە سوودى نەبيت.

**وێخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين**

---

[3] قبض الارواح، البخاري مواقيت ٣٥ / ابي داود، أدب ٤٣ / النسائي، إمامة ٤٧ / ابن ماجة، جهاد ١٠ / مسلم، فتن١١ / الترمذي، فتن٥٩ / أحمد بن حنبل ١٨٢/٤٢٠.

[4] ئەم فەرموودەيە بە چەند (متن)يك هاتووە، كە خزمەت بەم ناوەرۆكە دەكەن، وەك: اللهم اني اسألك علما نافعا، ورزقا طيبا، وعملا متقبلا. ابن ماجة وغيره، وانظر صحيح ابن ماجة ١/١٥٢ ، وجمع الزوائد ١١١/١٠.